# گۆڕان و پێوەری بزووتنەوەکان بۆ  ئایندەیەکی باشتر

**ئازاد بەکر**



لەسەردەمی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و جیهانگیری و بازاڕی ئازادی سەرمایەدا، ئەمڕۆ لە کوردستاندا جۆرەها بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کولتوری ی و ئایینی هاتونەتە مەیدان، هەریەکەیان دید و تێڕوانینی خۆی بۆ بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان خستۆتەڕوو، بەخستنەگەڕی پەیڕەو و بەرنامە و ئاسۆی سیاسی و فیکریانەوە بۆ هەرچی فراوانکردن و بەهێز بوونی بزووتنەوەی جەماوەری و کۆمەڵایەتی خۆیان.

بۆ ئەوەی تیشکێک بخەینە سەر لایەنی گەش و ڕووناکی بزووتنەوەی جەماوەری و داخوازیە ڕەواکانی و لایەنی لاوازوی و بێهێزی ئەو بزووتنەوانە لە چوونە پێشەوە و ڕێگریەکانی بەردەم بەدەستهێنانی گشت مافە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکان و لە پێناو گەیشتن بە ئەنجامێکی چارەنووس ساز و مرۆڤانەتر بۆ کۆمەڵگەی کوردستان.

دەکرێ کۆمەڵگەی کوردستان دابەشی سێ ڕەوت و سێ ڕێگا چارە بکەین  کە هەریەک لەو ڕەوتانە میسۆدی تایبەتیان هەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵ، هەروەها بوونی بیرو بۆچوونی جیاواز بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی ئەمڕۆ کۆمەڵگە دووچاری بووە.

ئەو ڕەوتانەش سێ بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەر بە دوو چینی جیاوازن:

1. بزووتنەوەی ناسیونالیستی :

سەرهەڵدانی ئەم بزووتنەوەیە مێژوویەکی دێرینی هەیە و گەلێک سەرکەوتن و تێکشکانی تۆمارکردووە، هەمیشە خۆی بە پێشڕەوی هەموو بزووتنەوەکانی تر داناوە و مەسەلەی ستەمی میللی کردۆتە هۆیەک بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی حیزب و سامان و دەسەڵات. ئەم ڕەوتە هەمیشە مامەڵەی بە مەسەلەی کوردەوە کردووە بۆ زیاتر قازانجی خۆی، ئەوەی بۆی گرنگ نەبووە داخوازی و مافەکانی خەڵکی کوردستان بووە، کەم نین ئەو هەموو سازش و خۆبەدەستەوەدان و چۆکدادان بەخەڵکی بەشمەینەت لەبەردەم ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و ناوچەکە لەلایەک و دەستخستنە ناودەستی وولاتانی ڕۆژئاوا و نۆکەرایەتی کردنی، تەنیا لە بەر درێژەدان بە دەسەڵات و دەستبەسەراگرتنی ماڵ و سامانی خەڵکدا.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم بزووتنەوەیە هەڵبژێراوی ڕاستەقینەی خەڵک نی یە، ئەم بزووتنەوەیە  بەزۆر و سەرکوت و ملهوڕی خۆی سەپاندووە بەسەر کۆمەڵگەدا و بە بەڵێن و درۆ و فیشاڵی ساڵەهای تەنیا لەپێناوی گرتنەدەستی دەسەڵاتدا هەزارەها کارەسات و ناهەمواری بەسەر خەڵکی هەژار و کرێکاری کوردستاندا هێناوە و لە 17 ساڵی گەیشتن بە دەسەڵاتیشدا هەر ئەو خەڵکەی کردۆتە قوربانی سیاسەتە هەڵە و نامرۆیەکانی.

ئیتر ئەوە بزووتنەوەی کۆمەڵ و تاقمێکە لە پێناوی کەڵەکەی زیاتری سامان و دزینی هەموو ماڵ و سەروەتی سروشتی و بەرهەمهێنراوی کۆمەڵگە، بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات و پارێزگاری  لەمانەوەیان، زۆر کردەوە و تاوان و شەڕ و کوشتاریان ئەنجامدا و خەڵکی هەژار و بێبەشی کۆمەڵگەشیان تووشی هەژاری زیاتر کرد. ئەمانە هیچ ڕایەڵێکی ئازادانە نایان بەستێتەوە بە جەماوەرەوە و دوورن لەداخوزی و ویستی خەڵکی ناڕازیی و تووڕە و هەمیشە سەرچاوەی زۆربەی کێشە و گرفتەکانن کە کۆمەڵگە دووچاری بووە.

لەدەرەوەی ئەم دەسەڵاتەش نەیارانی هاوشێوەی فیکری خۆیان هەیە و هەمیشە ڕەخنە و سەرنجەکانیان ئاڕاستەی دەسەڵات دەکەن بەڵام ڕەخنەکانیان ڕووکەشی یە و تەنیا بۆ جێگۆڕکێی کەسایەتیەکانی ناو دەسەڵات و چاکسازی یە لە کاروباری گەندەڵی ئەو دەسەڵاتەدا. ئەم ڕەوتە بە دەسەڵاتدار و ئۆپۆزسیونیانەوە بیر و

ئایدیۆلۆژیایان وەکو یەکە و ناتوانن لە بازنەی تەسکی ئامانجی ناسیۆنالیستانەیان دەربچن، هەرچەندە چەندەها ناو و نوێکردنەوە لە خۆیان دەنێن و دەبنە مۆدێرن و سۆشیال دیموکرات و لیبرال.

2 . بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی :

هەرچەندە ئایین مێژوویەکی کۆنتری هەیە لە بیری نەتەوەیی بەڵام هیچ ساتێک بەمجۆرەی ئیستا گەشەی نەکردووە و نەبۆتە ڕێگر لە بەردەم گەشە و پێشکەووتنی گشت بوارەکانی ژیانی مرۆڤەکانی کۆمەڵگە و دروستکردنی مەترسی بۆ گیان و ژیانی ئازادانەی تاکەکانی.

ئەم بزووتنەوەیە بە توندڕەو و میانڕەویانەوە هەمان سەرچاوەی فیکری و ئایدۆلۆژیان هەیە و لە پراکتیکدا خەریکی جێبەجێکردنی یاساو ڕێسایی ئاینین بەسەر دانشتوانی ئەو ناوچانەی هەژموونی خۆیانیان تیا زاڵکردووە و بەزەبری کوشتن و تیرۆر و ترساندن و تۆقاندن و زۆرجار پارەو فێڵ و درۆ، فیکری کۆنەپەرستانە و دواکەوتوانەیان دەرخواردی خەڵکی هەژار و بەشمەینەت دەدەن. ئەلتەرناتیڤی ئەمانە ئەوەندە کۆنە کە جێگایەک نەماوە لەم دونیایەدا ئەگەر تۆزقاڵێک ئازادی تیابێت ڕەتنەکرێتەوە و حیزب و بزووتنەوەکانی سەر بەم ڕەوتە لەسەر کردار و ڕەفتارەکانیان ڕانەکێشرێنە بەردەم دادگا و قەدەغە نەکرێت.

هەرچەندە هێندێکیان دەیانەوێ وانیشانبدەن ئەو دڕندایەتی و کوشتارگەیەی هاوشێوەکانیان دایانمەزراندووە لە ئایینی ئیسلامەوە دوورە  و گوایە ئیسلام ئایینی ئاشتی و پێکەوە ژیانە، بەڵام ئەو قسەیە زۆر بڕ ناکا و ناتوانن بەو مێژووە ڕەشەی تۆماریانکردووە، کەزۆر جار خۆشیان پێیان شەرمە باسی بکەن، خۆیان و ڕێبازەکەیان ڕزگار بکەن.

هەردوو بزووتنەوەی ناسیونالیستی و ئیسلامی سیاسی لە کوردستانیشدا هەمان خێزانی چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەداری کۆمەڵگەن، کە ناسراون بە چینی بۆرژوازی و بێووچان لە هەوڵی دەست بەسەراگرتنی جڵەوی کاروباری سیاسی و ئابووری و فەرهەنگیدان لەسەر شانی چینی کرێکار و زەحمەتکێشانی ئەم کۆمەڵگەیە.

هەردووکیان کارنامەی ڕابردوویان و داهاتوویان درێژەدانە بە زیاتر چەوساندنەوە و پێشلکردنی مافە ئیسانیەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە و قۆرخکردنی دەسەڵات و سامانی کوردستان. بێگوێدانە ڕای جەماوەری ستەمدیدە و بێمافکراو، بەرتەسککردنەوەی ئازادی سیاسی و ڕادەربڕین و چاپەمەنی و سەپاندنی دەسەڵات و زیاتر هەژارکردنی دانیشتوانی ئەم هەرێمە، کەمی ئاستی خزمەتگوزاریەکان لە بێخانە و لانەیی و بێئاوی و بێکارەبایی و بێکاری و هەر ڕۆژە سەرهەڵدانی نە خۆشیەکی کوشندە و ئاستی نزمی پەروەردە وخوێندن و فیرکردن.

نەبوونی میدیا و کەناڵی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئازاد و ڕێنەدان بە هیچ گروپ و حیزب و دەستەو تاقمێکی نەیار و ئۆپۆزسیۆن و دەمکوتکردن و سەرکوتی هەموو جۆرە مانگرتن و ناڕەزایەتی و خۆپیشاندنێکی جەماوەری. ئا لەم بارودۆخەدا تەنیا بیری سواو کۆنەپەرست و نەشیاو و ناشارستانی و دژ بە بەرژەوەندیەکانی کرێکاران سەر هەڵدەدا و خێزانی بۆرژوازی بە ناسیونالیزم و ئیسلامیەوە بە ناچاری دەست دەنێنە ناو دەستی یەک و دەبنە کۆسپ و ڕێگر لە چوونە پێشەوەی باڵی پێشکەوتوو و شۆڕشگێڕی چینی کرێکارانی ناو کۆمەڵ و دەرکەوتنی بزووتنەوەی  پێشڕەوی ئەو چینە کە سۆشیالیست و کۆمۆنیستەکانە.

گەر ئەمڕۆ سەیری کوردستان بکەین بە ئاسانی هاوپەیمانی و هاوکاری ئەو بزووتنەوانە بەدی ئەکەین، کە چۆن کۆمەڵ و یەکگرتوو و بزووتنەوە و پارتەکانی تر، لەسەرو هەموویانەوە پارتی و یەکێتی پێکەوە بە هاوبەشی خەریکی دابەشکردن و بەتاڵانی بردنی موڵک وسامان و دەسەڵاتی ئەم هەرێمەن.

3. بزووتنەوەی چەپ وکۆمۆنیزم :

لەسەرەتای سەرهەڵدانی جیاوازی چینایەتیەوە بەدرێژایی گۆڕانی قۆناغەکانی مێژوو هەمیشە چینی چەوساوە لە خەبات و تێکۆشاندا بووە دژی چەوسێنەران و چینی باڵادەست، هەردەم خەریکی خۆڕێکخستنی هێزی چینایەتی خۆی بووە بۆ بە گژاچوونەوە و شۆڕشکردن، بەمەبەستی گۆڕینی دەسەڵات و چاکردنی دۆخی ئابووری چینایەتی خۆیان و گۆڕانی بنەڕەتی لە چوارچێوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا.

هەر بۆ ئەم مەبەستە ڕابەران و پێشەنگانی ئەم چینە هەموو کاتێک هەوڵی بێکۆتایی و ڕێگای سەختیان گرتۆتەبەر تاکو ئەو بزووتنەوە مافخوراو و بێبەشانە بگەێننە ئاستی پێشڕەوی و بەرەو پێشچوونی

شۆڕشگێڕانە بە بەرنامە و ئایدیۆلۆژیای خۆیان ئاشناکردوون و بیر و باوەڕی چینایەتیان زیاتر ڕۆشن و بەرەو پێشبردووە بە تیۆری چینایەتی شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەی قووڵیان ئاڕاستەی ڕژێمی سەرمایەداری کرد و چارەسەری تیۆریوی و پراکتیکیان چۆنێتی کۆتایی پێهێنانی ئەو ڕژێمەیان دایە دەست چینی کرێکار وە بەناوبانگترین و بلیمەترینیان کارل مارکسی فەیلەسوف ڕابەر و تیۆریستی چینی کرێکار بوو.

لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستی چینایەتی مارکسیزمدا ئیتر چینی کرێکار زۆر ووریانە تیۆری مارکسیزمی گرتە دەست و بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانەتر لە جاران کۆمۆنیزمی کردە ڕێگە چارەی ڕزگاربوونی لە ڕژێمی سەرمایەداری.

پاش دوو ئەزموونی شۆڕشی سەرکەوتوانەی چینی کرێکار، کۆمۆنەی پاریس و شۆڕشی ئۆکتۆبەر، جارێکی تر کۆمۆنیزم تووشی سستی و چینی کرێکار کەوتەوە ژێر سایەی ڕژێمی سەرمایە لەو دوو وولاتەدا، پاشتر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و کرێکاری لەسەر ئاستی جیهاندا بەرەو لاوازی و نوشستی چوو. ئەمەش وای کرد بزووتنەوە چەپیەکان کۆمۆنیزمیان لە بنەڕەتی شۆڕشگێڕانەی داماڵی و بزووتنەوە کرێکاری و جەماوەریەکانیان بە ئاقاری بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازیدا کێشکرد.

دوای نیو سەدە زیاتر لە بە لاڕێدا بردن و خستنە کەناری مارکسیزم و خۆنیشاندانی چەپێکی چەق بەستوو لە پەراوێزدا، سەرهەڵدانی ڕیڤیژنیزمی سۆڤیتی و ماوی و ئۆرۆ کۆمۆنیزم لەبەرگی کۆمۆنیزمدا، جارێکی تر لە سەردەستی ڕابەرێکی لێهاتوو و لێوەشاوەدا کۆمۆنیزم کەوتەوە سەرپێ ی ئەسڵی خۆی و مارکسیزمی شۆڕشگێڕ ژیانی بەبەردا کرایەوە. ئەو ڕابەرەش هاوڕێ ی هەمیشە زیندوو لە ناخی هەموو کەسێکی بە ئینساف و شۆڕشگێڕو لایەنگیر و پێشەوای چینی چەوساوە و کرێکاردا مەنسوور حیکمەت بوو.

هەر ئەم ڕابەرە کۆمۆنیست و شۆڕشگێڕەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بووە هۆی هۆشیارکردنەوەی بەشی زۆری کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و دەربازکردنی چەپی پەراوێزکەوتوو بەتایبەتی لە ئێران وعێراقدا، کۆمۆنیستەکانی کوردستانیش هەر زوو دەستیان بۆ نووسین و ڕێنمایی و باس و لێکۆڵینەوەکانی هاوڕێ مەنسوور برد ئەویش زۆر دڵسۆزانە بۆ بیر و باوەڕەکەی و گرنگی خەباتی چینی کرێکار بەلایەوە هەمیشە تا دوا ساتەکانی ژیانی لە هەوڵ و هاوکاری کۆمۆنیستەکاندا بوو. پاش دروسبوونی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و دەست بەکار بوونی ئەم حیزبە هەردەم کۆمۆنیستەکان لە هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی بێووچاندا بوون بۆ هۆشیارکردنەوەی کرێکاران و جەماوەری زۆرلێکرا و ڕێکخستنی کرێکاران لە ڕێکخراوە جەماوەریەکانی خۆیاندا، سەرپەرشتی بزووتنە نارەزایەتیەکان و دانی ئاسۆی ڕۆشن و کۆمۆنیستی بە و بزووتنەوانە و بەرگری لەمافەکانی ژنان و یەکسانی خوازی ژن و پیاو ووریاکردنەوەی ژنان لە ڕێکخراوی سەر بەخۆی خۆیاندا و لە هەموو جۆرە چەوسانەوەیەک و بەرگری لە مافەکانی منالان و بەگشتی بەرگری لە هەموو زۆرلێکراوان و تێکۆشان بۆ بەدەست هێنانی مافە مەدەنی و ئینسانیەکانی ئەم کۆمەڵگەیە.

ئەم هەموو تێکۆشان و خەباتەی کۆمۆنیستەکان بۆرژوازی کوردی بە ناسیۆنالیست و ئیسلامی یەوە تورەکرد و لە سەرجەم میدیا و بڵاوکراوە و مەڵبەند و مزگەوتەکانیانەوە هێرشیان دەکردە سەر کۆمۆ نیستەکان و هەر ڕۆژەی بیانوویەکیان دەهێنایەوە بۆ سنووردارکردنی چالاکی بزووتنەوەیەک کە کۆمۆنیستەکان بەرێیان خستبوو، سەر ئەنجامیش هێرشکردن و تیرۆرکردنی هاوڕێیانی کۆمۆنیست و داخستنی بارەگاکانی حیزب و ڕێگرتن و قەدەغەکردنی چالاکیەکانیان.

بۆچی ئەم کۆنەپەرستانە ئەم ڕەفتارە نا ئینسانی و نەشیاوەیان دەرحەق بە کۆمۆنیستەکان دەکرد؟

هۆکاری سەرەکی ترسیان لە ئاییندەی دەسەڵاتیان بوو، ئەمانە بروایان بە ئازادی سیاسی و ئازادی ڕادەربڕین و دیالۆگکردن نەبوو. خۆیان چاکیان دەزانی کار و کردەوەکانیان نە ئێستا و نە ڕابردووشیان لە خزمەتی خەڵکی هەژار و چەوساوەدا نی یە و بەرژەوەندی تایبەتی و حیزبییان لەسەروو هەموو شتێکی ترەوەیە، هەربۆیە هەمیشە جەماوەر بە توندی بە گژیاندا دەچوونەوە. ململانێ و کێشە لە نێوان دەسەڵات و خەڵکی بەشخوراودا ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایەو سەرەڕای سەرکوت و پەلاماری هەموو جۆرە جوڵانەوەیەکی جەماوەری .

ئیتر ئەمە کرۆکی مەسەلەکەیە گەر خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان چەکی چینایەتی خۆیان بەدەستەوە گرت و بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان ناسی و خۆیان ڕێکخست و لە حیزب و ڕێکخراوی سەربەخۆی

خۆیاندا هاتنە مەیدان، ئەم دەسەڵاتەی ئەمڕۆ خەریکی خنکاندنی ئازادی و برسیکردنی دانیشتوانی ئەم هەرێمەیە دەبێ باجی تاوانەکانی بدات.
بەرتەسکردنەوەی ئازادی یە سیاسیەکان بۆتە هۆی سەرهەڵدانی گروپ و ڕەوتی ئیسلامی، هەروەها ڕێگرتن لە چالاکی سیاسی خەڵکی ئازادیخواز و پێشکەتخواز بوار بۆ کۆنەپەرستان دەکاتەوە تا ڕادەیەک باڵا بکەن لە کەش و هەوای سەرکوتی دەسەڵاتدا.
تەنیا هێزێک بتوانێ کۆمەڵگە بە ئاکاری سیاسی پێشڕەوانەدا بەرێت چینی کرێکار خۆیەتی بە پێشڕەوایەتی کۆمۆنیستەکان، چونکە ئەو ڕەوتانەی تر، نە کێشەی چینایەتی و میللی چارەسەردەکەن و نە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستانیش بەدەستی ئەم حیزبە ناسیۆلیست و ئیسلامیانەوە دێتەدی، چەند جاری تریش دەسەڵات بگۆڕێ هەروەکو خۆی و لەوانەشە بەرەو خراپتریش بچێت. ئەمانە ناتوانن باری ئابووری و سیاسی ئەم هەرێمە بەڕێوەبەرن، چونکە پشتیان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش نیە و هەر گۆڕانکاریەکی کوتوپڕ بێتە کایەوە چارەنووسی خەڵک تووشی مەترسی گەورە دەکەن. بۆیە دەبێ خەڵکی بەشخوراوی کوردستان لە هەمووکات زیاتر ئیرادەی خۆی بخاتە گەڕ و لە پێناوی گەیشتن بە ئازادی و یەکسانی و دەسەڵاتێکی سکولاریزمدا تێبکۆشێ تا مرۆڤایەتی بەسەر کەوتوویی بمێنێتەوە.

5 ی ژانیوەری 2008